# سیستەمی زانیاری خێرا (سوپر های وێی)


نووسینی:

**مەنگ گانگ**

(Mang Gang)

بەڕێوەبەری ئۆفیسی (هەولێر)ی کۆمپانیای هواوی چینی

وەرگێرانی:

**رزگار رسول سابیر**




لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێلی داتای خێرای نیشتمانی ئاسۆیی و ستونی بونیات نا. گەشە پێدانی ئابوری و کۆمەلایەتی بووە هۆی هێنانەکایەی گۆڕانێکی مەزن و بەردەوامی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

لە سالی ١٩٩٢ جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سیناتۆ ئەلگۆر پێشنیازی بەهای سوپرهایوێی نیشتمانی ویئم کرد، لە سێپتیمبری ١٩٩٣ دا حکومەت تەواوبوونی پلانی تەکنەلۆژی بالای راگەیاند - گەیاندنی زانیاری نیشتمانی، بە NNI abbreviation مەبەستی بەرەوپێش بردنی سیستەمی ئینتەرنێت بوو، بونیادنانی ئەم پرۆژەیە هەموو ئەمریکاییەکانی بە سەرچاوەیەکی زانیاری زۆر زەبەلاح و بەردەوام گرێ دا.

سوپرهای وێی بە مەبەستی ئەوە هاتۆتە ئاراوە تا بتوانێ بۆ هەرکەسێ سەرچاوەیەکی زانیاری دابین بکات، مەلتی میدیا لە ڕێگای ئەنتەرنێت و داتابێس، هەروەها تۆری کۆمپیوتەرەوە تۆرێکی زۆر خێرای کامل بەرجەستە دەکات.

دوای لە نزیکەوە بەدواداچوونی پلانی سوپرهای وێی زانیاری ئەمریکی، یەکێتی ئەوروپا، چین، کەنەدا، روسیا، ژاپون و،هتد.. هەمان پرۆژەی

ئەمریکییەکان یەک لە دوای یەک خستە بواری لێکۆڵینەوەو پلاندانان، تا لە ماوەیەکی زۆر کورت خایەندا، وەبەرهێنانی سەرمایەو وەگەڕخستنی ئەم سیستەمە لە سەرتاسەری جیهان بڵاوبۆوە.

سوپرهای‌وەی زانیاری رێگایەکە، کیبلێکی ئوپتیکە لە فایبەر ئۆپتیک دروست کراوە، باریکە وەک مووی قژ و توانای گواستنەوی زانیاری هەیە بە رێژەی ٢٥٠٠٠٠ جار زیاتر بە بەراورد لەگەڵ کێبلی ئاسایی(کێبلی کۆپەر). فایبر ئۆپتیک کە تیرەکەی ناگاتە ١,٣ سم، رەنگە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ گروپی تەلەفۆن و ٥٠٠٠ چەنەلی پرۆگرامی تەلەفزیۆن بگوازێتەوە، سایت Cites وی پێویستە وەک نموونەیەک لە ٣٢ دەنگ پێکهاتووە (ئینسکلۆپیدیای بەریتانی بەستراو بە کۆمپیوتەرێکی تۆری ترانزمیشن نزیکەی ١٣ کاتژمێر، بۆ هەمان سایتی ناوبراو بە رێگای فایبر ئوپتیک تەنها ٤,٧ چرکەی پێویستە.

سیستەمی ناوبراو وەک بارهەڵگرێکە باریکی مەزنی پێیە لە زانیاری مەڵتی میدیا، کە پێکهاتووە لە پەیوەندی دەنگی تەلەفۆنی، گۆڕینەوەی داتا لەنێوان کۆمپیتەر، فیلم و تی ڤی و وێنەو ڤیدیۆ ، تەنها واید باندی ئەم سیستەمە دەتوانێ دەریخات جام بوونی ترافیکی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ تۆڕی ترانزمیشن.

سیستەمی سوپرهای وێی زانیاری بە ملیۆنەها خەڵکی ئاشنا کرد بە داهێنانی تازەی بواری گەیاندن.

لە رێگای ئەو سیستەمە هەر ئەوە نیە بتوانی بە ڤیدیۆ و دەنگ هاورێکەت ببینی، بەڵکو دەتوانی لە ماڵی خۆت دانیشی و ئیش و کاری بازارو کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەی،

لە رێگای ئەم سیستەمە بازرگانیەکی بێ پەڕ و کاغەز و خاوێن و سەلامەت ئەنجام دەدەی و هەر بە شێوازێکی ئەلکترۆنی پارە دەگۆڕیتەوە و سەرفی دەکەی وەردەگری.

سیستەمی کۆنفرانسی تەلەفزیۆنی (مەلتی میدیا کۆنفرانس) وا دەکات هەر کەسە لە شوێنی خۆی و هەریەکە لە وڵاتی خۆی هەموو لە یەک کاتدا یەکتر ببینن و گوێیان لە یەکتربێت وەک ئەوەی هەموویان لە هۆڵێکدا کۆ ببنەوە، ئەمەش کاتی زۆر و مەسرەفی قورسی رێکخستنی ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە پاشەکەوت دەکات.

هەورەها خوێندن و فێربوون لە رێگای ئینتەرنێت و بەرجەستە کردنی سەرچاوەی زانستی هەمەچەشن و هەمە لایەنە دەرفەتی فێربوونی بۆ هەموو لایەک والا کرد و زۆر خێراتر رەوتی زانست و فێربوون بەرە و پێشتری بردووە.

بە هەمان شێوە، لە بواری پزیشکیش گەلێ خزمەتگوزاری پزیشکی و کلینیکی خێرا و دروست بۆ نەخۆش دەستەبەر دەکات، لە گەلێ حاڵەتیش ئەنجام دانی هەندێ نەشتەرگەری لە رێگای ئینتەرنێتەوە ئەویش بەشێکە لەو شۆڕشە زانستییەی ئەم سیستەمە هێنایە کایەوە.

لە بواری کات بەسەربردن و یاریش، ئەوە فەزایەکی بێ کۆتایی بۆ ئارەزوومەندانی یاری نیتوۆرک هێناوەتە ئاراوە کە لەگەڵ خواست و حەزی مرۆڤ دەگونجێ، ئەم سیستەمە دەرفەتی رەخساندوە تا لەگەڵ هاوڕێکەت هەریەکەو لە شوێنی خۆی هەمان ئەو یاریە ئەنجام بدەن وەک ئەوەی لە ژورێک بن، جا دوو کەس بن یا سێ یا سەد تەنانەت بۆ هەزاران کەس هەریەکەو لە ولاتێک و رەنگە هاورێشت نەبێت دەتوانن خەریکی ئەنجام دانی یەک یاری بن.

زۆر بەکورتی، ئەمەیە ئەو سیستەمەی کە بۆتە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و خزاوەتە ناو ژیانی رۆژانەو تەنات ژیانی مرۆڤ وەک تاک کە رەنگە بە ترازان لێی سەرجەم کاروباری رۆژانەو دوارۆژیان لەنگ بێت.